

# وردە قسە *

**دەشتی سەباح**

ئەمڕۆش وامزانی ژیان گۆڕاوە

بێ پەروا

لەبێتاقەتیو وەرسبوونی دایکم

لەدرەنگ هاتنەوەی من لەوێستگەکانی سەرخۆشی

خۆم خستە ناو لەپی دەستەکانی

ماچم کردن

بەڵام کە بەیانی هەڵسام زانیم

من دەمێکە بەسەرخۆشی، خوام لە (.........) نەماوە

* * *

زۆر ئەستەمە بتوانم بە تۆ بسەلمێنم

من کوڕێکی گوێڕایەڵی تۆم .. دایکە

زۆر ئەستەمە بتوانم بەتۆ بسەلمێنم

من دەمێکە کوڕێکی سپڵەم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرامبەر بە قسەکانی تۆ .. باوکە

*                    *                    *

من هەمیشە کەسەکانی خێزانەکەی خۆم

هاورێکانم

هاوسێکانی خۆم

کۆلاّنو

شەقامو

شارەکەی خۆم خۆشویستووە

بەلاّم ئەوان هەمیشە

نەفرەتیان لێکردووم

*                    *                    *

دەبێ ئەمشەویش

وەکو تێکڕای شەوانی دیکە

رۆژ بکەمەوە

بەلاّم ئەمجارەیان رۆژم کردە قوربانی

بەیانییەکی دیکە

*                    *                    *

من حەزم لە تەنهاییە

چونکە

تەنهایی

بەشێکی دیکەیە لەگێڕانەوەی ئەو حیکایەتانەی

کە کەس تاقەتی گوێ لێگرتنی نییە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*　　　*　　　*

ئەمشەویش

قوربانی تۆ بێ

کە

نە دەتناسم و نەشێوەشتم دیوە

*　　　*　　　*

کاتێك زۆر بێتاقەت دەبم

لەدالغە

یان جگەرەیەك دەکێشم

یانیش دەچم

دەستپەڕێك لێدەدەم

*　　　*　　　*

لێرە من هیچ فەلسەفەیەکم نییە بۆ بیرکردنەوە

هیچ ژوورێکیشم نییە بۆ خەوتن

هیچ ئازادییەکیشم نییە بۆ پیاسە

بەلاّم زۆرجار هەست دەکەم

یان پێویستە بیر بکەمەوە

یان بخەوم

یانیش پیاسەیەك بکەم

*　　　*　　　*

زۆر بێتاقەتم لەسەر چات

نەکەس هەیە پێم بلّێ ئەو کاتەت باش



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نه کەس هەیە پێم بڵێ
کاتم نییە بۆ قسە کردن
*          *          *

دەمەوێت جگەرەیەکی دیکەش داگیرسێنم
بەلاَم کێشەی من ئەوەیە
دوای تەواو بوونی ئەو جگەرەیەش
دەبێ جگەرەیەکی دیکە داگیرسێنم
*          *          *

سبەی جانتایەکی جوانتر دەکڕم
بۆ ئەوەی
جوانتر نیشتیمان جێ بهێڵم
*          *          *

زۆر جار هەست دەکەم خوشکەکانم بێزار دەکەم
بە هێنانی تەپڵەیەك جگەرەو
جامێك ئاوی سارد
بەس دەزانم ئەوانیش
دڵیان پڕە لەقسەو
حەزیان پڕە لەهەڵفرین
..................
.....................
* وردە قسەکان تەواو نابن

هەولێر
**2006/8/15**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com